# ئایندە

**خاوەنی ئیمتیاز:** بەیان نوری تۆفیق

**سەرنووسەر:** هەلاڵە محەمەد ئەلماس
٠٧٧٠٣٦٧٥٠٥٥
halalaalmas@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** چیا حەمەعەلی
**تایپیست:** دەشنێ عوسمان
**نەخشەساز:** شێرکۆ خانزادی
ژمارە (١٤٩) ساڵی سیانزەیەم، هەینی، ٢٠١٠/١/١

**ناونیشان:** سلێمانی . کانێسکان . مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان . خوار یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
www.khushkan.org
aynda97@yahoo.com




# لەپێشانگای (چراکانی نیشتیمانم) منداڵە کەمئەندامەکان بەهرەکانی خۆیان دەردەخەن

ئا/ شانۆعارف ..............................

هۆڵێک بەقەبارەیەکی ناوەند،بەڵام پڕلەجەستەی مۆسیقای"پایزی ئاڵتونی" پۆشی بوو، بەوسێ ڕۆژەی سەرەتای زستان ٢١-٢٢-٢٠٠٩/١٢/٢٣جارێکی کە خۆرەتاو ئەوناوەی گەرم کردەبووەوە،لەناوەوەش (٣٠٠٠) بیرۆکە، (٣٠٠٠) مێشک لەچوارچێوەی تابلۆی بچوک بچوکدا هەڵواسرابوون،خەمگین،شادی هێنەر،سەرسام، چاویان بڕیبوە میوانەکان منداڵێک هاواری کردبوو" یارمەتیم بدەن" کچێکیش لەسەر شەقامێک بەمناڵێکی وتبوو"هەرگیز حەز لەسوکایەتی ناکەم"ئاسمانێکی تاریکیش چاوی فرمێسکاوی تیادا هەڵگەڕابوو،کوڕێکی لاویش لەسەر قاچێ وەستابوو مێژووی تەمەنی تیادا نوسرابوو"کەوتن، هاوار، ژیانەوە"کچێکی عاشقیش لەسەر کورسیەک دانیشتبوو لەژێر دارسێوەکەدا سەیری دارسێوەکانی دەکرد بەوهیوایەی ڕۆژێک هەستێت و سێوێک لێبکاتەوە، نابینایەکی بەتەمەنیش لەکەنار دەریایەکدا وەستابوو دڵی بڕیبووە دیمەنی خۆرئاوا بوو، کوڕێکی گەنجیش دایکە کەمئەندامەکەی هەڵگرتبوو بەسەر هەورازێکدا هەڵدەگەڕاو پێشمەرگەیەکی جامانەبەسەریش قاچەکانی خۆی پێشکەش کوردستان کردبوو.

هەمووئەم چیرۆکانە لەپێشانگای "چراکانی نیشتیمانم" لەکارتی بچوک بچوکدا نمایشکران، بەسەرپەرشتی هونەرمەند"بەرزان بەکر" وبەبەشداری (٣٠٠٠)منداڵی قوتابخانەکان لەهۆڵی "تەوار"ی شاری سلێمانی، ئەم پێشانگایە لەلایەن بەڕێوبەرێتی پەروەردەی تایبەتو بەهاوکاری ڕێکخراوی (unicef) (یونیسێف) بەڕێوەچوو، بۆیادی ١٢/٣ڕۆژی کەمئەندامانی جیهان.

هونەرمەند "بەرزان بەکر" سەرپەریشتیارو خاوەن ئەم پرۆژەیە ڕایگەیاند" :لەڕێگەی لیژنە یەک ساڵەیەکەی پەروەردەی تایبەت ئەم پرۆژەیەم پێشکەش کرد. کەکارێکی تاڕادەیەک داهێنانکارانەیە، بەوهۆیەوە چومە ناوقوتابخانەکانەوە بەهاوکاری مامۆستایای هونەرو مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت گفتوگۆمان لەگەڵ قوتابیاندا کرد کەڕۆژی١٢/٣ڕۆژێکی بەنرخە و پێویستە جوان مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکەین کەئەندامێکی لاشەی خۆیان لەدەستداوە، ئێوە دەتوانن لەڕێگەی وێنەوە هەڵوێستی خۆتان ڕابگەیەنن" بەبڕوای ئەوهونەرمەندە: "ڕۆژێکی گرنگەو جیهانیەو هەمووساڵێک چالاکی و ڤیستیڤاڵی جیهانی بۆدەکرێت".

بەڕێوەبەریەتی پەروەدەی تایبەت سەر بەوەزارەتی پەروەدەی هەرێمەو ماوەی سێ ساڵە دروست بووەو هاوکات لیژنەیەکیان دروستکردوە بۆهۆشیاری منالآن ماوەی ساڵێکە، کەلەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان کاردەکات، منداڵانی کەمئەندام بەهۆی ئەوەی کە ئەندامێکیان نیە زۆرجار بەچاوێکی کەمترەوە سەیردەکرێن، تەنانەت لای ئەوکەسانەی خوێندەوارن و خاوەن بڕوانامەن: "هەندێک مامۆستا هەن حەزدەکەن منالآنی کەمئەندام نەبێتە قوتابی، چونکە وادەزانێت توشی زەحمەتیان دەکات"، بەڵام ئەم کێشەیە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی تایبەت چارەی کرد بەوەی مامۆستاو چاودێری تایبەتی بۆئەو منداڵانە دابینکرد.

لەکۆتای وتەکانیدا هونەرمەند ڕاشکاوانە وتی: (ئەوانەی کەمئەندام دەبن، هەست بەکەمی جەستەو دەروون دەکەن)، ئەوەئەرکی دەوروبەرە ئەوبۆشاییە پڕبکاتەوە.

# نامەی کراوە

## سڵاوت لێبێت دژەکەم... ببورە دشەکەم

نامەکەت گەشت، سوپاست دەکەم کە هەمیشە منت لەیادە، بەڵام خۆ ئەوە یەکەم جارت نییە بڵێی ئەمە کەموکورتییەکانتە، تۆش ئەم نامەیەم قبوڵبکە، بەڵام مەیگەیەنە دەستی کاکت، با شەڕ دروستنەبێت، تەنهاو تەنها خۆت بیخوێنەرەوە.

ئێمەی براژن خۆسەغڵەتکردنی ڕۆژی شایمان ناوێت، پێویست بەو عەزیەتە ناکات، ئەو نانە نانە ئەمرۆ لەخوانە.

تۆ بۆ خۆت لەماڵو منداڵی من هەڵئەقورتێنیت، چیئەکەمو چی ئەخۆم.. بۆ کوێ ئەڕۆم...

ئەرێ ئەوە بۆ کە دێیتە ماڵەکەم، لە دەزگای ئاسایش یان لەتیمی پزیشکی ئەچیت، ناو سەلاجەو جلشۆرو ژێر قەنەفەو.. گەرماو و باخچە ئەگەڕێیتو بەدوای لەکەو پەڵەدا ئەگەڕێیت.

دژەکەم... ببورە دشەکەم.. ئەوە بۆ کە دێیتە ماڵەکەم خزمەتی دنیات ئەکەم، دوایی بەلالوتەوە ئەڕۆنەوە هەزار قسەم بۆ هەڵدەبەستیت، هەربۆیە گەرجەنابتان میوان بن ئەبێ گەرخەمێکیشم هەبێ وەلای نێم بۆ ئێوە پێکەنم.

بۆ لە پەناوە نەخشە بۆ ئەو مێردەم دائەنێیت، بەدوو قسە هەڵیدەگێڕیتەوە.

ئەرێ مەجلیسی پرسەو دەواەو میوانو شایی ماوە باسی منی تێدانەکەیت.

ئەوە بۆ کە شتێک ئەکڕم تەنگە نەفەس ئەبیت.

تۆ بۆ وەزعت تێکدەچێت ئەگەر دوو براژن پەیوەندیان باشبێت، یان بەیەکەوە دانیشن.

باشتروایە بەدوای عەیبو عاری ماڵە باوانما نەگەڕێیت.

کە دێیتە ماڵەکەم، بۆ هەلێک دەگەڕێیت کە منت لەلا نەبێتو خێرا هەر لەوێدا براکەتم لێهەڵبنێیتو لەماڵەکەی خۆمدا ئاژاوەمان بۆ دروستکەیت.

# باڵندەش بەدەست قەیرەییەوە دەناڵێنێت

و/ ترێ ئەحمەد ..............................

لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کولۆمبیای ئەمریکی دەریخستووە کەقەیرەیی تەنها هەڕەشە نیە لەسەرمرۆڤ، بەڵکو باڵندەشی گرتۆتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر (٤٥)جۆر لەباڵندەی زرزوی ئەفریقیەوە ئەنجامدراوە.

لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی کردوە بۆ ١٠٪ی هەندێ لەجۆرەکانی باڵندەکە قەیرەی هەڕەشەیان لێ دەکات، چونکە بەئەندازەی پێویست جوانیان نییەو سەرنج ڕاکێش نین، لەزۆربەی جۆرەکانی باڵندەدا نێرەکان لەمێیەکان جوانترن وزۆرترین ڕەنگی سەرنج ڕاکێشیان تێدایە.

لەلێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: نێرەکانی باڵندەی جۆری (زرزور) لەکاتی وەرزی هاوسەرگیریدا، زۆر تێدەکۆشێت ودەگەڕێت بەدوای جوانترین هاوڕێی شیاودا بۆخۆی، هەندێکی ترلەوانە شکست دەهێنن لەبەدەست خستنی هاوڕێیەک کەپێی ڕازی بنو بەقەیرەیی دەمێننەوە .

هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی خستەڕوو کەهەڵبژاردنی ڕەگەزی بەرامبەر لەزۆربەی کاتەکاندا بەڕێگەی هاوشێوەییە لەنیوان نێرومێدا...

**ئەنتەرنێت**



# هەمیشە سوپاسگوزاربە

و/ پەروا حسەین ..............................

-بەرلەوەی پلان دانێیت دەربارەی چێژبردن لەخواردن، بیر لە کاسانێک بکەرەوە هیچ شتێک نییە بیخۆن.

-پێش ئەوەی بیر لەبڕینی ماوەیەک بکەیتەوە بەئۆتومبیلەکەت، بیر لە کەسانێک بکەرەوە کە بەپێکانیان دوورییەکان دەبڕن.

-لەکاتێکدا کە ماندویت پلان دادەنێیت دەربارەی کارەکەت، بیر لەکەسانێک بکەرەوە کە بێکارنو لەکارکەوتوون.

-لەکاتێکدا خەمباریتو ورەت دابەزیوە، زەردەخەنەیەک بخەرە سەر ڕووتو بیربکەرەوە کە تۆ ئەژیت وە سوپاسی خوای میهرەبان بکە.

# بڵاوکراوەی نوێ




